# له یادی ۱۳ ساله‌ی كیمیابارانی هه‌له‌بجه‌دا !

۱۳ ساڵ له‌مه‌وبه‌ر له‌رۆژی "۱٦-۰۳-۱۹۸۸" ,پۆلیك فرۆكه‌ی ره‌ش له‌ پیشبركێ دابوون به‌ره‌و شارۆچكه‌ی هه‌له‌بجه‌, هه‌ریه‌كه‌یان تیشووی مه‌رگی چه‌ندین هه‌زار ئینسانیان له‌ ژیر باڵ هه‌لگرتبوو.

به‌ دوای چه‌ند ساتیكی كورت له‌گه‌یشتنی په‌یامهینه‌رانی مه‌رگ, هه‌له‌بجه‌ كرا به‌ گۆرستانی سووتاوی هه‌زاران ساله‌ی میژوو. مۆمی ژیان له‌ شاریك كوژایه‌وه‌, ٥ هه‌زار ئینسان له‌ مناڵ و ژن لاو و پیر, بێ هه‌ناسه‌ بوونه‌ جه‌سته‌یه‌كی سار دو سور و چه‌ندین هه‌زاری تر بریندار و ئاواره‌ی سه‌ر سنور بوون. هه‌له‌بجه‌ یه‌كیكه‌ له‌ گه‌وره‌ترین تاوانه‌كانی نه‌زمیمۆدیرنی بورژوازیه‌ له‌ دژی ئینسانیه‌ت.

حكومه‌تی هاری به‌عس, له‌ پیناو پاراستنی ده‌سه‌ڵاتی سه‌كوتگه‌رانه‌ی دژی خه‌لكی, له‌ هیچ پیشیلكاری و تاوانیك دژ به‌ خه‌لك ده‌ستی نه‌پاراستووه‌. هه‌میشه‌ به‌ئاگر و ئاسن و ئیعدام و خه‌رده‌ل وه‌ڵامی ناره‌زایه‌تی و داخوازیه‌كانی خه‌لكی عیراق و به‌تایبه‌تی كوردستانی داوه‌ته‌وه‌.

هه‌له‌بجه‌ش مۆری تاوانیكی ره‌شه‌ له‌ نیوچه‌وانی حكومه‌تی فاشیستی به‌عس. هه‌ر رۆژیك زیاتر له‌ دریژه‌ی ده‌سه‌ڵاتداره‌تی ئه‌م حكومه‌ته‌ تاوانكاره‌ , چه‌ندین و چه‌ندین هه‌له‌بجه‌ و ئه‌نفال و تاوانی تر له‌ دژی خه‌لك ئه‌خولقینێ. میژووی كارنامه‌ی ۳۳ ساله‌ی ئه‌م حكومه‌ته‌ دژی خه‌لكیه‌, فایلیكی گه‌وره‌ی تاوان و ملهوریه‌ له‌ دژی خه‌لكی عیراق. ئه‌م حكومه‌ته‌ بۆ یه‌ك ساتیش جیگه‌ی ره‌زامه‌ندی خه‌لكی عیراق و كوردستان نیه‌ و مه‌شروعیه‌تی جه‌ماوه‌ری نیه‌. ئه‌مرۆش له‌یادی قوربانیانی هه‌له‌بجه‌دا, روخان و كۆتایهینانی یه‌كجاری به‌ ده‌سه‌ڵاتی ئه‌م و رژیمه‌ دكتاتۆره‌ , وویست و ئاواتی خه‌لكی كوردستان وسه‌رجه‌م عیراقه‌.

بزووتنه‌وه‌ی كوردایه‌تیش , به‌ هه‌ردوو حیزبی سه‌ره‌كی و رابه‌رانیه‌وه‌ له‌ رووداني ئه‌م كاره‌ساته‌ بێبه‌ش نه‌بوو. به‌لكو شه‌ریكی راسته‌وخۆی حكومه‌تی به‌عس بوو له‌ روداني ئه‌و كاره‌ساته‌.

هه‌له‌بجه‌ , واته‌ كوشتاری ٥هه‌زار ئینسان و چه‌ندین هه‌زار بریندارو نه‌خۆش و په‌ككه‌وته‌وچه‌ندین هه‌زار ئاواره‌یی , بووه‌ قوربانی كیشه‌ی نیوان حكومه‌تی به‌عس له‌ لایه‌ك و رژیمی كۆنه‌په‌رستی جمهوری ئیسلامی و ئه‌حزابی قه‌ومی كوردی و له‌لایه‌كی تره‌وه‌. ئه‌حزابی قه‌ومی كوردی هه‌میشه‌ به‌ به‌ كریگیراوی و چاوساغی له‌شكری ده‌وله‌تانی كۆنه‌په‌رستی ناوچه‌كه‌, ژیان و گوزه‌رانی خه‌لكی كوردستانیان كردۆته‌ خۆراك و سوته‌مه‌نی بۆ به‌رژه‌وه‌ندیه‌ ده‌وریه‌كانی خۆیان. ئه‌گه‌ر ده‌وله‌تانی كۆنه‌په‌رست و دژه‌ خه‌لكی ناوچه‌كه‌ ده‌ستیان له‌ هیچ تاوانیك له‌ به‌رامبه‌ر خه‌لكی نه‌پارستووه‌ , ئه‌وا ئه‌حزابی قه‌می كوردیش هیچ كات له‌ هیچ به‌كریگیراویه‌ك بۆ به‌عس و جمهوری ئیسلامی و كه‌مالیست و ئه‌تاتوركه‌كان, سلی نه‌كردۆته‌وه‌. ئه‌حزابی قه‌ومی كوردی هه‌میشه‌ مزایده‌ به‌تاوانه‌كانی حكومه‌تی به‌عس ئه‌كه‌ن بۆ هه‌له‌بجه‌ش هه‌روا. ئه‌یانه‌وێ له‌و تاریخه‌ ره‌شه‌ی كه‌ نه‌خشیان بوو له‌ رووداني ئه‌و كاره‌ساته‌, به‌هینان و ده‌ستراكیشانی سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی بۆ سه‌ر شاری هه‌له‌بجه‌ و به‌م جۆره‌ ئه‌م شاره‌یان كرد به‌ مه‌یدالنی جه‌نگی

كۆنەپەرستانەی عیراق – ئیران و بەهانەی ویرانگردنی ئەم شارەیان دایە دەست رژیمی عیراقەوە, بە وەحشەتی حكومەتی بەعس پاساوی بدەن و نیو چەوانی رەشی خۆیان لەپال ئەمەدا بشارنەوە. ئیستاش ئەحزابی كوردی و رابەرانی , بەدوای ئەوەی كە١٠ سالە كوردستان لە دەزگا سەركوتگەرەكانی بەعس لە لایەن خەلكەوە پاك كرایەوە . بێ ئەوەی شەرم بكەن "صدام حسین" ی تاوانبار و تاوانكاری هەلەبجە و ئەنفال و ئیعدامی بەكۆمەلی سەر خەلكی عیراق بە سەرۆكیخەلكی هەموو عیراق ناو دەبەن. لە هەولی سات و سەودای نهینی و ئاشكران لەگەلیدا بە نرخی گەرانەوەی دەسەلاتی سەركوت و كیمیابارانی بۆ سەر خەلكی كوردستان.

ئەمرۆ ژان و ئازار و برینەكانی ٣٣ سالەی خەلكی كوردستان لە ژیر دەسەلاتی بەعس , برینەكانی هەلەبجە و ئەنفال و شەرو كوشتارە یەك لە دوای یەكەكان. هاواری كۆتایی و سەرنگونی ئەم رژیمەیان بەرز كردۆتەوە . ئەمرۆ یادی هەلەبجە رۆژی دەنگ بەرزكردنەوەیە بۆ بۆ ریسواكردنی هەموو بەندو بەست وسات و سەودایەك لەگەل رژیمی بەعس و دە ولەتانی كۆنەپەرستی ناوچەكە , یادی هەلەبجە بانگەوازی خەلكی كوردستان دەكات بۆ هەستان لە پیناو جیاكردنەوەی كوردستان و پیكهینانی دەولەتیكی سەربەخۆ تا بەم جۆرە بۆ هەتا هەتایە سیبەری ترس و دلە راوكێی دەسەلاتی فاشیستی بەعس و كارەساتی كیمیاباران لەسەر خۆیان لابەرن. سەرئەنجام ئەم یادە پیویستی گەرانەوەی ئیرادەی خەلك بۆ بریاردان لەسەرچارەنووسی خۆیان بەرجەستە ئەكاتەوە, تا ئەم بریارو چارەنووسە لە دەست ئەحزابی عەشیرەتی بزووتنەوەی كوردایەتی و سەرانی سەودا گەریان دەر بهینن.

كارەساتی هەلەبجە تاكو ئیستا دریژەی هەیە. پاش ئەوەی كوردستان لە راپەرینی ١٩٩١ لە دەزگاسەركوتگەرەكانی رژیمی بەعس پاك كرایەوە. بەلام هەلەبجە جاریكیتریش بە سەختی بریندار كرایەوە و كەوتە بەر هیرش. هیرشی ئەمجارەیان, فرۆكەوتانك و خەردەل نەبوو. بەلام بە ئەندازەی فرۆكەو خەردەل ژاراوی و پرژان و بە قوربانی بوو. هیرشی جەهل و خورافە و كۆنەپەرستی ئیسلامی . سیمای جوانی و خۆشەویستی لە رووخساری خەلك تۆران و پیكەنینی لەسەر لیوی كچان و ژنان و لاوانی هەلەبجە تەزان.

ئەم جارە هەلەبجە لە لایەن باندە ئیسلامیەكانی هاوپەیمانی سەرانی بزووتنەوەی كوردایەتییەوە كرا بە "حەبەشە" و مۆسیقا و گۆرانی و جوانی تیا قەدەغە و حەرام كرا. بە یاسای كۆنەپەرستی و ژەنگاوی كۆیلەتی ژنانی تیا رەسمیەت درا و ژیانی خەلكی لی كراوە بە دۆزەخ. ١٣ سالە, بازرگانی و قاچاغ چیەتی بە چارەنووس و خوینی خەلكی هەلەبجە و كوردستان ئەكری لە لایەن رژیمی بەعس وجمهوری ئیسلامی و ناسیونالیزمی كورد و باندە ئیسلامیەكان. ئیتر كاتی هەستان و هاتنە مەیدانی خەلكە بۆ كۆتایی هینان بەم سیناریۆ پر مەینەتانە و برینی دەستی هەموو ئەم هیزانە لە یاری كردن بە چارەنووسی خەلك. جیاكردنەوەی كوردستان هەنگاویكی گەورەیە لەم ریگایە.

ئارام علی